مالیکی پیرۆزبایی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکات

نووری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پۆلیسی عێراق پیرۆزبایی لە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کرد.

مالیکی لە تویتەکدا لەسەر پلاتفۆرمی (ئەکس)، نوسیویەتی" بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پۆلیسی قارەمانی عێراقی، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین.

هەروەها گوتی" لەم ڕۆژە شکۆمەندەدا، قوربانی وهەوڵەی گەورەکانتان بەبیر دەهێنینەوە کە جوانترین وێنەی قارەمانێتی و دەسزیتان وێنە کردووە، ئەو گیانی خۆتان بەخت کردوە بە بەرگریکردن لە ئاسایشی وڵات و سەلامەتی هاووڵاتیانی، وەکو بەربەستێکی پتەو لە بەرامبەر تێکدەر و مەترسیەکان وەستاون.

مالیکی وتی: قوربانیدانەکانتان وەک مەداڵیای شەرەف لە مێژووی عێراقدا و لە ویژدانی نەوەکانی داهاتوودا دەمێننەوە.

لە کۆتاییدا وتی: داواکارین لە خودای گەورە بتانپارێزێت و شکۆمەندیتان بەردەوام بێت، هەروەها سەز و بەزی بە گیانی بەرزە فەی شەهیدان کە لە پێناوی نیشتماندا گیانیان بەخت کرد.